به ناوی کوردستانی گەورە !

## راڤەی وشەی {گۆران} لە تەرازوی زمانناسی دا

### (کورتە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی)

2003/8/5

ح. س. سۆران

**soran909@hotmail. com**

بوون و مانی تەواوی گەلانی جیهان، لە سەر چەند کۆڵەکەی پتەو بەندە، کە دەتوانم بڵێم گرنگترینی ئەو کۆڵەکانە، کۆڵەکەی زمانە. هەر بەم پێوانە راستەقینەیە، پێویستە گرنگی هەرە زۆر بە زمانی کوری بدەین و بۆ راڤە کردن و پەرەپێدانی، بە بنەوەشتی تێ بکۆشین.

ئەگەر زمان بە دیوارێک دابنێین، خشتی ئەو دیوارە، وشەگەلی ئەو زمانەیە. جا، بۆ پەرەپێدانی زمان، دەبێ لە ناسین و راڤەی وشەوە دەستی پێ بکەین. کە من وەک بەرکولێکی زمانناسی، لێرە دا راڤەی وشەی {گۆران} تان پێشکەش دەکەم، دەشزانم کە لە خزمەت بیرمەندان و زمانناسان دا، ئەم کارەی من وەک ئەوەوە وایە، کە "مازو" بە دیاری بەرم بۆ چیای زاگرۆس (یا زیرە بۆ کرمان) :

- راڤەی وشەی {گۆران} :

ریشەی وشەی { گۆران }، لە وشەی {گەور}ەوە دێ و یانی { گەورەکان) ، کە وشەیەکی کۆ{جەمع} ە و بە مانای زەردەشتیە کان و مەزنە کانە. ئەم وشەیە جارجار، بووشەتە { گاور}.

وشەی { گەور}، لە زمانی کوردیەوە چوەتە نێو زمانی فارسیش و لە پاش کەوتنە بەر چەرخی ئاڵوگۆڕ ( **Morphology)**؛ بوەتە { گەبر }، چون بە پێی یاسایەکی زمانناسی، ز وربەی ئەو وشانەی کە لە زمانی کوردیەوە چوونەتە نێو زمانی فارسی، ئەگەر پیتی { و} یان تێدا بووبێ، ئەم پیتە { و} وە لە زمانی فارسی دا، بوەتە پیتی { ب }، بۆ وێنە وشەی { سێو}، بوە تە { سیب}، وشەی { شەو} بوە تە { شەب } و وشەی {لێو }، بوەتە {لەب }.

وشەی {گۆران }کە کۆی وشەی { گەورە }، چووشەتە نێو زمانی ترکی و لە زمانی ترکی دا بەو ترکانەی کە ئاییینی پیرۆزی کوردی ئەهلی حەق چوەتە نێویان و وەریان گرتوە، دەڵێن { گۆران }، یانی {گەورەکان}، چون ئەو کاتە، ئەوان ئەم ئاییینەیان بە ئاییینی زەردەشتی یا شتێکی وا زانیوە و کتێبە ئاییینەکانیشیان، بە زاراوەی { گۆرانی} زمانی کوردیە. ئەم ترکە گۆرانانە، زۆر تر لە مەبەندی تەورێز، ئوسکو، بناو، میاندواو، روودهێن، بوومهێن و ...، لە ئێران دەژین.

وشەی { گەورک} یش، کە ناوی هۆزێکی مەزنی کوردە، بە مانای { زەردەشتیە چکۆلەیە} و ئەم هۆزە لە ناوچەی مەهاباد، سەقز و ... دەژین و لە کۆنفرانسی پێنجەمی نێو نەتەویی زەردەشتیان لە تاران، لەسەر ئەم مەبەستە، زۆر باس کرا.

بە خەڵکی ناوچەی قۆزلوی هەوشاریش، لە رۆژهەڵاتی کوردستان، دەڵێن کوردی { گۆران }.

وشەی { گۆران } بە پێی بارودۆخی کات و جێگە، لە ناوچەگەلی کوردەواری بە چەند چەشن، کەڵکی لێ وەرگیراوە، کە ئەمە برێک لە نموونەکانیەتی :

{گۆران } بە مانای یەکێک لە زاراوەکانی زمانی کوردیە. ئەو کوردانەی کە بەم زاروەیە قسە دەکەن، زۆرتر لە ناوچەگەلی پارێزگەی کرماشان و ئیلام دەژین. برێکی زۆر کەمیشیان پەڕەوازەی ناوچەی هەوشار، لە مەڵبەی ساینقەڵای رۆژهەڵاتی کوردستان بوون، کە پێیان دەڵێن{ کەلوڕی دێرامەدی}.

**زوربەی کتێبە کانی ئایینی پیرۆزی ئەهلی حەقیش، بەم زاراوەیە نووسراون. زۆر لە هۆنەرانی کوردیش بەم زاراوەیە، هۆنراوەیان نووسیوە، کە ماموەستا خانای قوبادی یەکێک لەوانەیە.**

**لە چەند ناوچەی کوردستان، وشەی { گۆران } وەک وشەی { مسکێن} بۆ ئەو کوردانە بەکاردەبرێ، وا لە چینی خوارەوەی کۆمەڵن، کە رێزدار س. جی. ئێدمۆندس، لە کتێبی کورد و ترک و عەرەب دا (کە من پێی دەڵێم کتێبی کورد و کورد و کورد) ئاماژەی پێ کردوە. بۆ وێنە دەڵێن {گول و گۆرانی قورەبەران) .**

**وشەی { گۆرانی } کە بە مانای بەستە و گۆرانیە، لە وشەی { گۆران } ەوە هاتوە و بە مانای { وەک گۆرانە) ، یانی وەکو سروودی گۆرانەکان یا زەردەشتیەکان وایە.**

**وشەی { گۆران } نازناوی هۆنەری تازە وێژ و داب پارێزی مەزنی کورد، ماموەستا عەبدوڵڵا بەگی گۆرانیشە، کە ئەو نازناوەی لە وشەی پیرۆزی { گەورگەل } یا { گۆران } وەرگرتوە و یەکێک لە شازترین هۆنراوەکانی خۆی بە ناوی گەشتی هەورامان نووسیوە، کە بە یەکێک لە ناوچە گرنگەکانی ژیانی { گەورەکان } یا زەردەشتیەکانی زو دەناسرێ.**

**لەگەڵ سپاس، " سۆران "**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.